کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
14-9-2007 17:40 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بوەستە تۆش وەکو هەڵبەست سەلاح فاولتدا، بۆ سابیر حوسێن باڵوێزی نووسەران و هونەرمەندان!! ... زانا دڵشاد دزەیی**

بوونی بارگراوندێکی رۆشنبیری بۆ ئەو قەڵەمانەی کە لە میدیاکان باس لە بابەتێك و بوارێکی گرنگ و حەساس وەکو بواری هونەریی دەکەن زۆر گرنگە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە دوێنێ قەڵەمی ناسی و ئەمڕۆکە بە ناوی هەموو رۆشنبیران و هونەرمەندان لە رۆژنامەکان قسە دەکەن بی ئەوەی پێناسەیەکیان هەبێت بۆ ژیان، هونەر، رۆشنبیر! ئەوەی کە دوێنێ وەکو کەسێکی لاواز دەخولایەوە لە چوار چێوەی بازنەیەکدا تاوەکو خۆی فێری ئالەتێکی موسیقی بکات و بەحەسرەت بوو رسمێك لەگەل هونەرمەندێك بگرێت بۆ ئەوەی خۆی پی هەڵبکێشی ئەمرۆ دی موناقەشە لەگەڵ پسپۆری هونەری و شێخە هونەرمەندەکان دەکات چەندە سەیرە، لێرەدا بابەتەکەی سابیر حوسێن بەنموونە دێنمەوە کە لە ژمارەی 240 ی رۆژنامەی جەماوەردا باس لە ناعەدالەتی هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر دەکات، ئەو هونەرمەندەی کە لە ناکاو فریای هونەری موزیکی کوردی کەوت و بە هەناسەیەکی تازە و پەیامدار زیندوی کردەوە، ئەو شێخە هونەرمەندەی کە نهێنی زمانی موزیکی جیهانی دۆزیەوە و پێمان دەڵێت کە موزیك زمانێکی هاوبەشی هەموو جیهانە و ئەو بۆشایی و ناکۆکییەی نێوان گەلان کە سیاسەت جێی هێشتووە ناتوانی پری بکاتەوە موزیك دەتوانی ئاشتی بۆ هەموو جیهان بگەرێنێتەوە، گرنگ نییە زۆر باس لەو گەورە هونەرمەندەی هونەری گۆرانی کوردی بکەین، چونکە هەر چۆنێك باسی بکەم لەوانەیە حەقی خۆی نەدەمی، ئاخر کاکە سابیری رۆشنبیر و تێگەیشتوو کاتێك لە بابەتەکەی خۆت باست کردوە، کە هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر ناناسی و بەخزمەتی شاد نەبووی ئەی چۆن ئەو حەقە بە خۆت دەدەی بڵێی هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر ناعەدالەتی لە پۆستی راوێژکاریدا کردوە؟ دڵنیاشم ئێستا لێت بپرسم هەڵکەوت زاهیر بەدەر وەکو هونەرمەندێکی گەورە و ئاواز دانەرێکی بە توانا بەڵکو وەکو راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەت ئیشی چییە و دەبی چ کارێك بکات نایزانی، دەی باشە تۆ چ بەڵگەیەکی یاسایت هەیە پشتگیری لە قسەکانت بکات؟ بێگومان جگە لە قسەی قۆڕ و لابەلا هیچ بەڵگەیەکت نییە. تەنها ئەوە نەبێت تۆش بە دەردەکەی هەڵبەست سەلاح چووی و فاولتدا.



بەهەرحال، ئینجا کاکە گیان تۆ دەڵێی لەگەڵ خوێندنەوەی دیدارەکەی هەڵبەست سەلاح، کردم بە قاقای پێکەنین، بڕوابکە ئەو جارەیان من لەکاتی خوێندنەوەی بابەتەکەی تۆ لەبەر قاقای پێکەنین بۆم نەدەخوێندراوە، دایکم وایدەزانی نوکتە دەخوێنمەوە بەهەموو قەناعەتێکەوە داوای لێکردم یەك دوو نوکتە بۆ ئەویش بخوێنمەوە، ئاخر کاکی رۆشنبیر تۆ دێی وەکو باڵوێزی نووسەران و هونەرمەندان قسە دەکەی! ئەی ئەوە پێکەنینی ناوێت کاتێك کەسێکی وەکو تۆ (رۆشنبیر) کە باسی ناعەدالەتی گەورە هونەرمەندێکی وەکو هەڵکەوت زاهیر دەکەی بی ئەوەی بیناسی و بەخزمەتی شاد بی، پاشان بە ناوی هەموو نووسەران و هونەرمەندانی کوردستان قسە دەکەی و داوا لە هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر دەکەی واز لەو ناعەدالیەتە بێنی! ئاخر ئەگەر هونەرمەند هەڵکەوت زاهیر دڵی دوو سی بەهرەمەندی شکاندبی ئەوا تۆ دڵی سەدان نووسەر و هونەرمەندانت شکاندوە، بەوەی کە بە ناوی هەموویان قسە دەکەی بی ئەوەی ئیزنیان وەربگری! خۆ نووسەر و هونەرمەندانیش مافی قسەکردن و نووسینیان هەیە پێویست ناکات تۆ لە جیاتی ئەوان قسە بکەی، نامەوێت لەوە زیاتر درێژەی پێ بدەم، چونکە من لە ئاستی ئەوە دانیم وەڵامی کەسێك بدەمەوە کە خۆی بە باڵوێزی نووسەران و هونەرمەندان بناسێنی، لە کۆتایدا بە پەندێکی کوردی پێت دەڵێم "ئاش لە خەیاڵ و ئاشەوان لە خەیاڵێکی تر"

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.